# ئەگەر هەندێک لە نوێژخوێنان لە دەرەوەی مزگەوت نوێژیان کرد و لەکاتی نوێژدا کارەبا کوژایەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**شێخ موحەممەد صالح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# إذا صلى بعض المأمومين خارج المسجد وانقطع التيار الكهربائي

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئەگەر هەندێک لە نوێژخوێنان لە دەرەوەی مزگەوت نوێژیان کرد و لەکاتی نوێژدا کارەبا کوژایەوە

**پرسیار**: درەنگ هاتم بۆ نوێژی خەوتنان ( عشاء ) و کاتی گەشتمە ئەوێ لەناو مزگەوت جێگا نەمابوو، ناچار لە دەرەوەی مزگەوت نوێژەکەمان کرد، بەڵام لە ڕکاتی کۆتاییدا تەزووی کارەبا کوژایەوە و دەنگی مایکرۆفۆنەکان نەمان و گوێمان لەدەنگی ئیمامەکە نەما، ئایا لە حاڵەتێکی ئاوەهادا چی بکەین ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر هاتوو هەندێك لە نوێژخوێنەكان لە دەرەوەی مزگەوت نوێژیان کرد، و لەبەر بچڕانی تەزووی کارەبا نەیانتوانی شوێن ئیمامەکە بکەون، لەحاڵەتێکی لەم شێوەیەدا باش وایە وکارێکی ڕێگا پێدراویشە کە یەکێك لەو نوێژخوێنانەی لە دەرگای مزگەوتەکەوە نزیکە دەنگ بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی

نوێژخوێنەکانی تری دەرەوە گوێ بیستی ببن و بتوانن شوێنی ئیمامەکە بکەون، خۆ ئەگەر هاتوو ئەمەیان نەکرد ئەوا باشتر وایە یەکێك لەم دوو کارە بکەن :

یەکەم : هەرکەسەیان بە جیا نوێژ بۆ خۆی بکات .

دووەم : یان یەکێك لە نوێژخوێنەکان ببێت بە ئیمامی ئەوانەی لە دەرەوەن و نوێژەکەیان بە جماعەت ئەنجام بدەن، ئەمەی دواییان باشتر و خێرترە، بۆ ئەوەی نوێژخوێنەکان بەهۆی گوێ لێ نەبوونیان لە ئیمامەکە تووشی دڵەڕاوکێ و ڕاڕای نەبن .

لەم بارەیەشەوە پرسیاریان کرد لە شێخ محمد بن صالح العثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەمەش دەقی پرسیارەکە بوو : کۆمەڵە کەسێك لە ژێر زەمینی مزگەوت نوێژی هەینیان کرد، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی نوێژەکەدا تەزووی کارەبا بچڕا، و نوێژخوێنەکان گوێیان لە دەنگی ئیمامەکە نەما، لەم کاتەدا یەکێك لە نوێژخوێنەکان پێش ئەوانی تر کەوت و بوو بە ئیمامیان و نوێژەکەی بە جەماعەت بۆ کردن، ئایا حوکمی ئەم کەسانە چیە، لەکاتێکدا ئەو کەسە بەشێوەیەکیش پێشیان کەوت

نوێژی هەینی بۆ ئەنجامدان، وە ئایا ئەگەر کەسێك پێش نەکەوتایە چییان بکردایە، ئایا دروست بوو هەرکەسە و بۆخۆی نوێژەکەی بکردایە ؟ وە ئەگەر دروست بێت، ئایا نوێژەکەیان وەك نوێژی هەینی بکەن، یان وەك نوێژی ئاسایی نیوەڕۆ ؟ ئەمەش کاتێك بوو بە تەواوی گوێبیستی ووتاری ووتاربێژەکە بوون، ولەگەڵ ئەویشدا یەك ڕکاتیان ئەنجامدا ؟

بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە :

ئەگەر هاتوو ئەو واقیعە وەك ئەوە بێت کە ئەو پرسیارکەرە باسی لێوەکردووە، ئەوە نوێژی هەر هەموویان ڕاست و دروستە، چونکە ئەو کەسەی بگات بەیەك ڕکات نوێژی هەینیدا، ئەوە وەك ئەوەی لە سوننەتی صەحیحدا هاتووە و پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) باسی کردووە ئەو کەسە گەشتوە بە هەموو نوێژی هەینیدا و تەنها لەسەریەتی یەك ڕکاتی تر بکات، خۆ ئەگەر هاتوو کەسێکیش لەو نوێژخوێنانە پێشیان نەکەوت و هەرکەسە و نوێژەکەی بۆ خۆی ئەنجامدا، ئەوا ئەگەر هاتوو هەستانەوە و یەك ڕکاتی تریان ئەنجامدا، بەهەمان شێوە

نوێژەکەیان دروستە و هیچ ئیشکالێکی نییە، چونکە وەك ئەو کەسە وایە لە ئیمام بە ڕکاتێك دوا کەوتبێت و کاتێك گەیشتە مزگەوت ئیمام یەك ڕکاتی کردبوو، دوای ئەوەی ئیمام سەلامی دایەوە هەڵدەسێتەوە و بۆ خۆی ڕکاتێکی تر ئەنجام دەدات، ئەویش بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) دەفەرموێت : « من أدرك ركعة من الصلاة فقد أدرك الصلاة » واتا : هەرکەسیك بگات بە ڕکاتێکی نوێژدا ئەوە گەیشتوە بە نوێژەکەدا.

خوای گەورە زاناترە .

مجموع فتاوی ابن باز ( ١٢ / ٣٣١ )

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار وەڵام